



**ئاسۆجەبار**

**ئەم کولتورە ناشرینە هەڵقولاوی ئەو ئەخلاقیاتە دیکتاتۆرییە هەمەجییە کە دەسەلاتی کوردی بە میراتی لە ستالین و بینۆشێ و سەدام حسێنەوە بۆیان ماوەتەوە، بەلام ناتوانن تاسەر شانازی بەو میراتە ناشرینەوە بکەن**

**ستیڤان شەمزینانی**

**دەسەلاتی کوردستان کە بەدەستی دوو حیزبی تەقلیدی میلیتارەوەیە نەك هەر بڕوای بەریفۆرمی سیستەمی سیاسی نییە بەڵکو ریفۆرمیزە کردنی سیستەم هاوتەریبە لەگەڵ مەرگی خۆیدا چونکە حیزبەکانیان بەرهەمی ئەو سیستەمە تەقلیدیی و تۆتالیتارییەیە.**

**ئامادەکردنی تەوەرە ئاسۆ**

**سالی دووهەزاروشەش سالی نارەزایتی خەلکی کوردستان بو بەروی دەسەلاتی پارتی ویەکێتی چەندین نارە زایەتی سەری هەلدا ئەوەی جێگەی نیگەرانی رای گشتی و شەقامی کوردییە ئەوە یە کە دەسەلات دارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك رێزیان لە داوکانی خوپیشان دەران و نارەزایەتیەکانی خەلك نەگرت بەلکو بە پێچەوانەوە کەوتەنە گرت و زیندانی کردنی خۆپیشاندەران بۆیە ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایا دەسەلاتی کوردی کە بانگەشەی دیموکراتی دەکات بەم هەڵویستانەی کەبەرامبەر داواکانی هاولاتیان دەیگرنە بەر ناچنە ریزی دیکتا تۆرە کانەوە ئایا دوای ئەم نارزایە تیانە دەسەلاتی کوردی دەتوانێت ریفۆرم بکات ئەمەئەو پرسیارانە یە کەبەرادەوام رای گشتی دەخاتە بەردەم چەندین بۆ چونی جیاوازەوە ئێمە هەوڵدەدەین لەم تەوەرەیەدا رای چەندین نوسەرو رۆژنامە نوس ورۆشنبیر بۆوەلامی ئەم پرسیارانە وە ربگرین.**

**پ/ لەماوەی دوومانگی رابردوودا لەچەندین شارو شارۆچکەی کوردستان چەندین خۆپیشاندان سەریهەلدا، دەمەویت بپرسم ئەو دەرهاویشتە سیاسیانە چیبوون کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بارگرژییە لەنێوان دەسەلات و هاولاتیاندا؟**

**وەلام**

**ئاسۆ جەبار: لەنێوان هاولاتیان و دەسەلاتدا شتێك لەئارادا نیە بەناوی پەیوەندی و متمانە و دلنیایی، دەسەلاتی کورد لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، دەسەلاتێکی بێئاگاو کەمتەرخەم و بێباکە بەرامبەر هاولاتیان و داواکاری و پێشنیارو رەخنەو بۆچونەکانیان، هاوکات دەسەلاتێکە بێئەندازە گوێی خنیەوە بەرامبەر رەخنەو بۆچونەکانی رۆشنبیران و رەخنەگرە سەربەخۆکان، بەداخەوە ئەمەش بۆخۆی کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر ئەو پەیوەندییە.**

**لەهەموو دنیادا رێپێوان و خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین کۆمەڵە مافێکی مەدەنی و ئینسانی مرۆڤەکانە لەهەر کوێیەك بن و سەر بە هەر مەملەکەتێك بن، هەموو کەسێکیش ئازادە لەدەربڕینی راوبۆچون و رەخنەکانی خۆی، هەر دەسەلاتێکیش رێ لەم**

مافانە بگرێت بەرلەوەی دەسەلاتێکی دیکتاتۆری بێت دەسەلاتێکی سونەتیو نادیموکراتیو نامرۆییەو تاسەرئێسك شەرمەزار دەبێت بەرامبەر کۆمەلگەی نێودەولەتیو خودی هاولاتیانی خۆشی.

ئەو دەسەلاتانەشی کە لەرێی پۆلیسو ئاسایشو دەزگا نهێنییەکانیانەوە سوکایەتی بە مرۆڤو شکۆی ئینسانەکانەوە دەکەنو پەلاماریان دەدەنو تەقەیان لێدەکەنو لێیان دەدەنو جوێنیان پێدەدەنو نایەڵن رێپێوانو خۆپیشاندان سازبدەن دەسەلاتگەلێکی هەمەجیو بێئاگاو نادیموکراتنو فریان بەسەر دیموکراسیو ژیانی مۆدێرنەوە نییە، ئەو دەسەلاتانە لەوەش تێناگەن ئەرکی پۆلیس واتە پاراستنی ژیانی مەدەنی هاولاتیانو رێزگرتن لەشکۆو حورمەتی ئینسان نەوەك پەلاماردانو سوکایەتیکردن بە مرۆڤ. دەرەنجام ئەو دەسەلاتانە بە خۆیانو دامودەزگا پۆلیسییەکانیانەوە لە جەهلێکی کوشندەدا دەژینو دەبن بە دیکتاتۆر.

ئەو دەسەلاتانەی حساب بۆ رایگشتیو میدیای ئازادو نارەزایی هاولاتیان ناکەن دەسەلاتگەلێکی دواکەوتوو و هەمەجیو جاهیلن، ئەوەی پێیوایە بارودۆخە ناسکەو لەبەر ئاسایشی نەتەوەیی نابێت هاولاتیان هیچ بلێنو رەخنەبگرنو مانگرتن یان رێپێوان سازبدەن، لەراستیدا ئینسانگەلێکی ناهوشیارن بە ئەلفوبێکانی دیموکراسیو دنیای مۆدێرنو لە بێئاگاییەکی کوشندەدا دەژین.

لەراستدا بارودۆخی هاولاتیان لەتەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستان بە کەرکوکیشەوە، زۆر خراپە، لەرووی خزمەتگوزاریو وەك کەمی کارەبا، کەمیو گرانی سوتەمەنی، کێشەی نیشتەجێبون، گرانی بازار، وەلامنەدانەوەی حکومەت، ناعەدالەتی لە موچەو ژیاندا، گەندەلێیەکی بێمانا، حساب نەکردن بۆ مرۆڤ،...تاد، هەموو ئەمانە پێکەوە هۆکارگەلێکی دیاربوون بۆئەوەی هاولاتیان برژێنە سەر شەقامەکانو نارەزایی خۆیان دەرببرنو خۆپیشاندان ساز بدەن. بەلام بەداخەوە حکومەتی هەرێم لەرێی پۆلیسو ئاسایشو دەزگا نهێنییەکانی حیزبەوە پێش خۆپیشاندانەکانو لەسەروەختو دوابەدوای خۆپیشاندانەکانیش هەستان بە رفراندنی چەند هاولاتییەكو بەندکردنی کۆمەلە هاولاتییەکی زۆر، سەرباری ئەوە لەکاتی خۆپیشاندنەکاندا لەزۆر شوێن تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردو چەندین کەس بریندار کرانو کەوتنە بەر تێهەلدانی شەقو قۆناغە تفەنگی هێزەکانی ناوخۆوە. کە بەداخەوە دیاردەیەکی زۆر ناشارستانییەو هەر لە دیکتاتۆرەکان دەوەشێتەوە.

پ/-ئایا دەسەلاتی کوردیی لەتوانایدا هەیە کەریفۆرم بکات وەك خۆیان لەراگەیاندنەکانیاندا باسی دەکەن؟ ئایا ئەو سیستەمەی دەسەلاتی کوردیی بەرێوەدەبات دەتوانرێت ریفۆرمی تێدا بکرێت؟

ئاسۆ جەبار: نەخێر من وەك خۆم باوەرم بە بەلێنو قسە زلەکانی حکومەتو حیزبەکانی کوردستان نەماوە، بەداخەوە لەبەرئەوەی دەسەلات لەم پارچە خاکەدا هێندەی قسەکەرێکی خراپە لەبارەی دیموکراسیەتو بابەتی مۆدێرنەوە هێندەش لەرووی کردارییەوە نەیتوانییەوە رێز لە مرۆڤو هاولاتیان بگرێت، هاوکات سیستمی دەسەلات لەم ولاتەدا سیستمێکی کۆنو وێرانە لەرووی کارگێریو بەرێوەبردنو بەرپرسیارێتیو شەفافیەتو دامودەزگاییەوە. لەراستیدا دەبێت حکومەت خزمەتکاری خەلك بێلێت نەك هاولاتیان ببن بە خزمەتکاری حکومەت. من لەزۆر شوێندا باسم لەوە کردووە کە ئەو دەسەلاتەی هەنگاوێك دووربکەوێتەوە لەهاولاتیان دەیان هەنگاو نزیك دەبێتەوە لە دیکتاتۆریەت.

هاوکات چەوسانەوە هەر چەوسانەوەیە ئیتر جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەو چەوسانەوە سیاسیو فەرهەنگییەی کە دیکتاتۆرەکان ئەنجامیدەدەنو ئەو چەوسانەوە ئابوورییەی کە حکومەتە نادیموکراتو بێئاگاکان ئەنجامیدەدەن.

پ–لەخۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەدا لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا نارەزایەتی هەبوو بەلام توێژی لاوان هاتنە سەر شەقامەکان، ئەوەی دەبینرا ژنان هیچ خرورێکیان نەبوو لەم ڕێپێوانانەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چ هۆکارێك هەبووە بۆ نەبوونی ئامادەیی چین و توێژەکانی تر لەڕێپێوانەکاندا؟

**ئاسۆ جەبار: هەڵبەت زۆرێك لە خۆپیشاندانەکان هەڵقولاوی نارەزاییەکی کتوپڕی هاولاتیان بوو، هاوکات کەڵەکەبوونی رەخنەو نارەزایی چەندین ساڵەی ناو بیرکردنەوەو روانینی هاولاتیان بەرامبەر بە حیزبەکان و حکومەت و پەرلەمان، هاوکات توێژی گەنج لەهەموو دنیادا پێشەنگی نارەزاییە مەدەنییەکانن، بەلام سەبارەت بەوەی کە رەگەزی مێیینە بە کچان و ژنانەوە لەناو خۆپیشاندانەکان دەرنەدەکەوتن یان هەر ئامادەگیان نەبوو لە خۆپیشاندانەکاندا، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوەی بەشداری نەکردووە زۆر رازییە لە حکومەت و حیزب و پەرلەمان، بەڵکە ئەوەی کە بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا نەکردووە زیاتر نیگەرانەو بێزارترە لەوانەی کە بەشداریان کردووە، هۆکارەکانی ئەم بەشدار نەبوونەی زوربەی چین و توێژەکان لە خۆپیشاندانەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەمینجار دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئێمە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی نەریتی و پیاوسالارین و تائەوڕۆکە فەرهەنگی شارستانیی مۆدێرن نەبۆتە مۆدێلێکی کاریگەرو بەشدار، هاوکات هێزەکانی ناوخۆش بە پۆلیس و ئاسایش و دەزگا نهێنییەکانی حیزبەوە زۆر ناشرینانەو نا شارستانیانە مامەڵە لەگەڵ هاولاتیاندا دەکەن لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، بۆنمونە ساڵی 2005 کوڕان و کچانی رۆژهەلاتی کوردستان و چەندین کەسایەتی و گەنجانی کوردستان بەشداریان لە خۆپیشاندانێکدا کرد لەشاری سلێمانی دژی ئەو کارە دڕندانانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بە کەسانی سەربەخۆخوازو رۆشنبیرانی ئێران ئەنجامی دەدا بەتایبەتی کوشتنی هەڵسوراوێکی سیاسی بەناو (شوان)و راکێشانی بەسەر شەقامەکانی شاری مهاباد دا، بەلام بەداخەوە هێزەکانی ئاسایش لەسلێمانی سەرباری ئەوەی تەقەیان بەسەردا کردن بەبێ جیاوازی قسەی سوکیان بە کچان و کوڕانی بەشدار لە خۆپیشاندانەکەدا وتبوو، هاوکات توندوتیژیشیان بەرامبەر کردبوون، ئەم کولتورە ناشرینە هەڵقولاوی ئەو ئەخلاقیاتە دیکتاتۆرییە هەمەجییە کە دەسەلاتی کوردی بە میراتی لە ستالین و بینۆشێ و سەدام حسێنەوە بۆیان ماوەتەوە، بەلام ناتوانن تاسەر شانازی بەو میراتە ناشرینەوە بکەن، لەبەرئەوەی جارێکی دیکە ئا بەو شێوازە نامرۆییە مامەڵە لەگەڵ هاولاتیان و خۆپیشاندانەکاندا بکەن لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا ئابرویان دەچێ و زیاترو زیاتر خۆیان ناشرین دەکەن.**

ستیڤان شەمزینانی – رۆژنامەنووس و سەرنووسەری سیاسی

پ–لەماوەی دوومانگی ڕابردوودا لەچەندین شارو شارۆچکەی کوردستان چەندین خۆپیشاندان سەریهەڵدا، دەمەوێت بپرسم ئەو دەرهاویشتە سیاسیانە چیبوون کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بارگرژییە لەنێوان دەسەلات و هاولاتیاندا؟

ستیڤان: لەڕاستیدا ئەگەر بەدووی هۆکارەکانیدا بگەڕێین دەکرێت بڵێین بێ مافی و بەشخوراویی هاولاتیانە، ڕاستە لەتوێکڵدا یان لەڕووکەشدا وا دەردەکەوێت فاکتۆرەکە تەنیا بریتییە لە نەبوونی ئاوو کارەباو خزمەتگوزارییەکان بەلام کاکڵەی مەسەلەکە ئەوەنییە بەڵکو لەقولاییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناعەدالەتییەی ئەمرۆ کۆمەڵگەی کوردستانی

تەنیوە، پەیوەندیی هەیە بەو جیاوازییە قووڵە چینایەتییەی ئەمرۆ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەرجەستە بووە، جیاوازییەك کۆمەڵێکی گەیاندۆتە کەشکەڵانی فەلەك و کۆمەڵێکیشی بێبەشکردووە لەساکارترین ماف.

خەڵك بەچاوی خۆی ئەو هەموو نابەرابەریی و بەشخوراوییەی خۆی دەبینێت و لەنزیکەوە لەمسی دەکات بۆیە ناتوانێت لەوەزیاتر بەرگە بگرێت، پەرچەکرداری هەیە چونکە هەموو جۆرە هەوڵێکی میانڕەوانەتر لەڕێگەی دیالۆگو خستنەبەرچاوی فینۆمینە نێگەتیڤەکان سوودێکی نەبوو، بەڵکو خەڵك خۆی لەبەردەم دەسەڵاتێکی بێچاوو گوێ و زماندا دیتۆتەوە بۆیە ناچارە یەخەی ڕاوەشێنێت و تێیبگەیەنێت ئەم دۆخە نا هەمووارە تاسەر مایەی قبوڵ نییە.

تۆڵستۆی دەڵێت (ئەو شتانەی لەخودی خۆیاندا بچووکن سەرتایەکن بۆ ڕوودانی کارەسات) بچوککردنەوە و نزمکردنەوەی مرۆڤ و سەرکوتکردنی ئارەزووەکانی تاك لەم وڵاتەدا وەك دیارەدەیەکی ئاسایی لێهاتووە و بەبچوکیش سەیری دەکرێت بەڵام دواتر هەر ئەمانە دەبنە هۆی ڕوودانی کارەساتە مەزنەکان.

نەبوونی کارەباو ئاوو خزمەتگوزاریی ئەگەر کێشەیەکی بچووکیش بن بەڵام بەردەوام بوون و هەمیشەیی بوونی ئەم کێشانە سەرەتایەکن بۆ سەرهەڵدانی ئەم بارگرژیانە کە لەزۆر شوێندا گەیشتۆتە ڕاددەی توندوتیژیی و پێکهەڵپرژان.

بەبۆچوونی من فاکتۆری سترۆکتۆریی ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتییە کەڵەکەبوونی کێشەکانی خەڵکە کە دەسەڵات هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی نەناوە، لەبەرئەوە خەڵك هەستی بەوەکردووە دەسەڵات بە بەرد بووە بۆیە ناچار بووە ڕێگاو میکانیزمی تر بگرێتە بەر بۆ داواکردنی خواستەکانی لەم نێوەندەشدا خۆپیشاندان یەکێکە لەمیکانیزمەکان.

ڕوونتر بڵێم ئەوەی ڕوویداوە لەشارو شارۆچکەکان تەنیا پەرچەکرداری ئەمڕۆ نییە بەڵکو کاردانەوەی پانزە ساڵ فەرامۆشکردنی مرۆڤی کوردەوە بەهەموو شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتی کورد خۆیەوە، دیارە خۆپیشاندان وەك ڕەخنەگرتنێك حاڵەتێکی ئاساییە.

چونکە (فۆکۆیاما) وتەنی (حکومەتی دیموکراتیك ئەو حکومەتەیە کە بەرپرسەکانی دەکەونە بەر ڕەخنەی خەڵك) بەڵام لەوێدا ئاسایی نییە گەر ئەم خۆپیشاندانانە ڕوبەڕووی سەرکوت بکرێنەوە و هێزەکانی ئاسایش خەڵکی لەسەر فەلاقە بکەن و لەولاشەوە دەسەڵات هیچ هەنگاوێك بۆ ڕیفۆرم نەنێت بێگومان ئەگەر کار وابڕوات ئەم خۆپیشاندانانە حاڵەتێکی توندوتیژ وەربگرن بەدڵنیاییەوە دەبنە ڕاپەڕین.

پ-ئایا دەسەڵاتی کوردیی لەتوانایدا هەیە کەڕیفۆرم بکات وەك خۆیان لەڕاگەیاندنەکانیاندا باسی دەکەن؟ ئایا ئەو سیستەمەی دەسەڵاتی کوردیی بەڕێوەدەبات دەتوانرێت ڕیفۆرمی تێدا بکرێت؟

ستیڤان: دەسەڵاتی کوردیی ناتوانێت ریفۆرم بکات چونکە ئیرادەی نییە بۆ ریفۆرم، پرسیار ئەوەیە ئەو کەسە کێیە دەست بۆ ڕیفۆرم دەبات؟ ئەگەر قەرارە ریفۆرم بکرێت ئەوە کێیە. سەرکردایەتی ئەو ریفۆرمە دەکات؟ لەڕاستیدا ریفۆرم دەستەواژەو وشەیەکە بەدەستی سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی هەندێ بەرپرس کە خۆیان ویستیان لەسەریەتی و نایانەوێ لەپۆستەکاندا بمێننەوە، یان بەشێك لە لەکارخستنی بەرپرسان لەئەنجامی شەڕی دەستەگەریدا نێونراوە ڕیفۆرم!

لەکاتێکدا ریفۆرم تەنیا بریتی نییە لە لابردنی هەندێك کاربەدەست و تەکتۆکرات و بەڕێوەبەر بەڵکو ئەوە بەشێکی بچوکە لەپرۆسەی ریفۆرم، بەبڕوای من ریفۆرم لەپێداشدا لەسیستەم و دنیابینیو ستراتیژی دەسەڵاتی سیاسییەوە دەست پێدەکات.
دەسەڵاتی کوردستان کە بەدەستی دوو حیزبی تەقلیدی میلیتارەوەیە نەك هەر بڕوای بەریفۆرمی سیستەمی سیاسی نییە بەڵکو ریفۆرمیزە کردنی سیستەم هاوتەریبە لەگەڵ مەرگی خۆیدا چونکە حیزبەکانیان بەرهەمی ئەو سیستەمە تەقلیدیی و تۆتالیتارییەیە.
لەبەرئەوە من بانگەشەی ریفۆرم بەبانگەشەیەکی دیماگۆگی و درۆزنانە لێکدەدەمەوە چونکە دەسەڵاتێکی هاوشێوەی بەعس ناتوانێت ریفۆرم بکات.
من کاتێك دەڵێم هاوشێوەی بەعس مەبەست لەنزیکییە لە فۆرمی مامەڵەی دەسەڵاتی بەعس. (هیتلەر) لەوتووێژێکدا بە (ئۆتۆڤاگنەر)ی وتووە (جیاوازیمان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان زێدەتر تاکتیکییە وەك لەوەی ستراتیژیی بێت) جیاوازیی دەسەڵاتی کوردیش لەدەسەڵاتی بەعس زیاتر ناکتیکییە وەك لەوەی ستراتیژیی و پیشەیی بێت، ئەگەرنا بەعسیزم وەك عەقڵییەت و مامەڵە زیندوو و ئامادەیەو باکگراوەندی کاری سیاسی و ئیدارییە لەکوردستان.
لەبەرئەوە من لەخۆت دەپرسم دەسەڵاتێك بارگاویی بێت بەرۆحی بەعسیزم ئایا قابیلی ریفۆرمە؟ ئەمە وەڵامەکەی لای تۆیە نەك لای من.
وەڵێ ئەم چوواندنەی دەسەڵاتی کوردیی بەدەسەڵاتی بەعس جێگەی نیگەرانییە لای زۆرکەس بەڵام دەبێ بزانین بەعس بەر لەهەر شتێك عەقڵیەت و دیدگایەکی سیاسییە.
(مارکس ئێستمان) وتی (ستالین نەك هەر لەفاشیست باشتر نییە بەڵکو سوپەر فاشیستە) جا لەبەرئەوەی ستالین دژی فاشیزم بوو نەبۆیە دیموکرات، هەرواش دەسەڵاتی کوردیی مادام دژی دیکتاتۆریەتی بەعس بووە نەبۆتە دیموکراتیك بەڵکو وێنەیەکی ترە لەشێوەی بەعس.
پ—لەخۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەدا لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا نارەزایەتی هەبوو بەڵام توێژی لاوان هاتنە سەر شەقامەکان، ئەوەی دەبینرا ژنان هیچ خرورێکیان نەبوو لەم ڕێپێوانانەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چ هۆکارێك هەبووە بۆ نەبوونی ئامادەیی چینو توێژەکانی تر لەڕێپێوانەکاندا؟
ستیڤان: هەڵبەتە گەنج بەشێکی زۆریان هەموو ئەو خەڵکانە بوون کە خۆپیشاندانیان کرد، ڕەنگە فاکتۆرەکەی ئەوەبێت لەڕووی سایکۆلۆژییەوە گەنج کەمتر دەتوانێت دەستەمۆ بێتو هەموو بێ مافییەك قبوڵ بکات بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرکێشی و یاخی بوون بەشێکە لە ژیان و بوونی بۆیە زۆر ئاساییە گەر گەنج پێشڕەوی ئەمجۆرە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانە بێت.
هەرچەندە لەچاو ئەو هەموو گەنجەی لەوڵاتی ئێمەدا دەژین ئەوانەی ڕژانە سەر شەقامەکان ژمارەیەکی کەم بوون، لەڕەهەندێکی ترەوە گەر ئافرەتان یان ژێندەرەکەی تر تەواجودیان نەبووە ڕەنگبێ ئەمەیان پەیوەندیی بەژینگەی کۆمەڵایەتیو کولتوری کۆمەڵگای باوك سالاری کوردییەوە هەبێت، کە بەربەست و کۆت و بەندی بۆ ئافرەت داناوە بەتایبەتی بۆکچی گەنج بەڵکو لە ئاوێنەی ئەم کولتوورەدا پێناسەی گەنج هاوتەریبە لەگەڵ کوڕی گەنج نەك کچ.

**با لەبیرمان نەچێت بۆیە گەنجان زۆرترین ڕێژەی خۆپیشاندەرانیان پێکهێنابوو چونکە گەنج مەحرومترین کائینی ئەم وڵاتە وێرانەیە، مافخوراوترین بوونەوەری ئەم جەنگەڵە بەناو وڵاتەیە، هەرچەندە کێشەی ئەم وڵاتە تەنیا کێشەی گەنج نییە بەڵکو کێشەی خودی مرۆڤە.**

**بەڵام ڕەنگە گەنج زووتر وەدەنگ بێت، کەچین و توێژەکانی تر نەهاتوون مانای ئەوە نییە کێشەیان نییە و تووڕەنین لەم وەزعیەتە بەڵام ڕێگر و بەربەست زۆر بووە لەبەردەمیان.**

**ڕەنگە گرنگترینیان فەزای ترس و تۆقاندن بێت، چونکە پۆلیس و ئاسایش بۆ پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتی نییە بەڵکو کۆمەڵە دەزگایەکی قەمعین بۆ پاراستنی دەسەڵات و قەڵای ستەمکاریی حکومەت خۆ ئەگەر ئەم دەزگایانە نەبن خەڵك بەیەك ڕۆژ دەسەڵات دەگۆڕن بۆیە خەڵك لەم هێزانە دەترسن.**

**لەترسیان ناوێرن بچنە ئاوها خۆپیشاندانێك، ئەمە جگە لەوەی چەندین فاکتۆری وەك نان بڕین و سزای ئابووریی لەئارادایە کە کوشندەترین جۆری توندوتیژییە لەدنیای ئەمرۆماندا. بەبڕوای من ئەوە گرنگ نییە ئەوە کێیە خۆپیشاندان دەکات؟ بەڵکو گرنگ ئەوەیە کۆمەڵە هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتە نارازین لەم دەسەڵاتە و داوای مافەکانیان دەکەن، دەبێت ئەمە بەهەند وەربگرین نەك ئەوەی ئەمە گەنجە یان پیر یان ژن یان هەر توێژێکی تر.**

**پێشم خۆشە ئەم دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم ئیتر خۆپیشاندان بۆتە کولتورێك ناکرێت و دەست نادات بەهێزو زەبروزەنگ دابمرکێنێتەوە و کۆنترۆڵ بکرێت بەڵکو ئەوەی کۆتایی پێدەهێنێت تەنیاو تەنیا دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانییە بۆ هاوڵاتیان.**

**پێموایە ئەگەر دەسەڵات بەدەنگ خەڵکەوە نەچێت و گوێ لەویستەکانی نەگرێ یەك ملیۆن پۆلیسیشی هەبێت هەر دەڕوخێت و قابیلی ئەوەیە لەجەنگێکدا بشکێ و ئیتر زیندوو نەبێتەوە.**

**مۆنتسکیۆ باوەڕی وایە (ئەگەر ئیمپراتۆریەتێك لەجەنگێکدا دەشکێ و ئیتر دەڕوخێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە فاکتۆری تری قوڵتر لەوەو بەر هەبووە تاڕێبدات ئەم ئیمپراتۆریەتە لەیەك جەنگدا ئاوا بشکێت و ئیتر هەڵنەسێتەوە). بۆیە تەنیا یەك ڕێگە لەبەردەم دەسەڵاتی کوردییەوە ئەویش حیسابکردنە بۆ مرۆڤی کورد و دابینکردنی ژیانێکی هاوچەرخ بۆی.**